# لینین و
# سەرقاڵییەکانی

گفتوگۆ لەگەڵ **گیۆرگ لوکاچ**

**سامان عەلی** کردوویە بە کوردی

٢٠٢٤



# پێشەکی

**مارکسی خۆرئاوا، مارکسی دووەم، مارکسی سەدەی بیست، مارکسی جوانیناسی، گرنگترین فەیلەسووفی مارکسی لەدوای مارکس،** ئەوانە بڕێک لەو نازناوانەن، کە لە فەیلەسووفی گەورە و ڕەخنەگری وێژەیی گەورە، **گیۆرگ لوکاچ**ی **مەجەڕ**ی، نراون.

**گیۆرگ لوکاچ** کەسایەتییەکی فەلسەفیی ناسراو و گەورەیە، یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی کاریگەرییەکی گەورەیان لەپاش خۆیان لەسەر کۆی فەلسەفەی خۆرئاوا بەجێ هێشتووە. چونکە لەڕاستییدا **لوکاچ** نوێنەرایەتیی سەرچاوەیەکی سەرەکی لە سەرچاوەکانی هزری نوێ و ئاراستە جیاوازەکانی هزری نوێ دەکات، هەرچەندە نە لە ماوەی ژیانی و نە لەپاش کۆچی دوایی کردنی، تیشک یاخود ڕۆشنایی پێویست خراوەتە سەر ئەو بەها و بایەخە فەلسەفییە زۆر و زەوەندەی کە هەیەتی.

گومانی تێدا نییە قسەکردن لەسەر کەسایەتییەکی فەلسەفی گەورە بە سەنگ و قورسایی و قەبارەی **گیۆرگ لوکاچ**دا، قسەکردنێکە لە دژوارییەکی زۆر خاڵی نییە، چونکە لەڕاستییدا ئێمە لەبەردەم بیرمەندێکی ئینسایکلۆپێدیک و فرەلق و نووسەرێکی پڕبەرهەمداین چەندین وتار و کتێب و تێزە و بۆچوون و تیۆری و شیکاریی لە چەندین بواری وەک فەلسەفە و ڕەخنەی وێژەیی و ڕەخنەی هونەری و جوانیناسی و زانستی سیاسەت و بواری ڕۆمان و مێژووناسی و کۆمەڵناسی و ئاکارناسی و دەروونناسی و زۆر بواری تردا نووسیوون و کردوون و لێکداونەتەوە، هەر بۆیە من لێرەدا هەوڵ دەدەم ئەگەر بە کورتییەکیش بووە، پوختەیەک سەبارەت بە ژیان و سەرگوزشتە و کارەکانی **لوکاچ** بخەمە ڕوو، هەڵبەتە بە هەمان شێوە شتێک لە هزریشی بەسەر دەکەینەوە.

بەڵام بەرلەوەی چەند وێستگەیەکی سەرەکی ژیانی **لوکاچ** بخەینە ڕوو، لێرەدا جێی خۆیەتی وەک زەمینەسازکردن ئەوە ڕوون بکەینەوە ژیانی **لوکاچ** هەم وەک مرۆڤ و هەم وەک فەیلەسووف و هەم وەک خەباتگێڕێکی سیاسی لە ڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیستدا کە بۆ ماوەی

نیوسەدە ئەندامی بوو، ژیانێکی لێوانلێو و دەوڵەمەندە. **لوکاچ** لە ساڵی١٩١٨ پەیوەندی بە **پارتی کۆمۆنیستی مەجەڕی**یەوە کرد و تا کاتی کۆچی دوایی کردنی لە ساڵی١٩٧١ بە ئەندامی مایەوە. هەڵبەتە لە ماوەی هەموو ئەم گەشتە پڕ ڕووداوەدا **لوکاچ** چەندین سەرکەوتنی زۆر و نسکۆی فرەی بینین و بەشداریی مشتومڕی زۆری کردن، کە هەندێک جار مشتومڕی توند و لەگەڵ بیرمەندانێکی مارکسییدا بوون، لەبەر ئەوە ناتوانرێت سەرگوزشتەی **لوکاچ** لە چەند دێڕێکدا کورت بکرێتەوە. هەر بۆیە هەوڵ دەدەین ئەگەر بە خێراییش بووە ئەو وێستگانەی ژیانی بەسەر بکەینەوە بەبێ ئەوەی بچینە ناو وردەکارییەکانەوە.

با لە سەرەتادا ئاماژە بەوە بدەین **لوکاچ** لە ساڵی١٨٨٥ لە شاری **بوداپیست**ی پایەختی **مەجەڕ** یاخود **هەنگاریا** هاتووەتە دونیاوە، گومانی تێدا نییە **لوکاچ** بە بنەچە جووە، واتە لە دایک و باوکێکی جوو لە دایک بووە، پاش ئەوەی خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە چووەتە زانکۆ، لە سەرەتادا لە **مەجەڕ**، لەدواییدا چووە بۆ **ئەڵمانیا** و چووەتە **زانکۆی بەرلین**، بێگومان بە ئامانجی خوێندنی فەلسەفە. لە **ئەڵمانیا** چەندین کەسایەتیی بەناوبانگی ناسیوون، لەدواییدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن، یاخود دواتر ناوبانگ و داهاتوویەکیان لە هەردوو جیهانی وێژە و هزردا دەبێت، وەک فەیلەسووفی ئەڵمان **ئیدمۆند هۆسێرڵ**، **کارڵ یاسپەرس**، **ماکس ڤیبەر**، وێژەوانی گەورە **تۆماس مان**، وێرای چەندین کەسایەتی تر. لە ساڵی١٩٠٨دا یەکەم کتێبی خۆی بە ناونیشانی **گەشەی درامای خۆرئاوا** بڵاو دەکاتەوە، لەپاش ئەوە بە ماوەی دوو ساڵ کتێبی **ڕۆح و شێوەکان** بڵاو دەکاتەوە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بە نۆبەرەی کارەکانی **لوکاچ** دادەنرێت. لەدواییدا کتێبی **تیۆری ڕۆمان** بڵاو دەکاتەوە، بەو چەشنە تا ساڵی١٩٢٣، لەو ساڵەدا **لوکاچ** یەکێک لە گرنگترین کتێبەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە کە بە مشتومڕ هەڵگرترین کتێبی لە قەڵەم دەدرێت، ئەویش کتێبی **مێژوو و هۆشیاریی چینایەتی**یە، ئەم کتێبەی **لوکاچ** هەرا دەنێتەوە، لە چەندین شوێنەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر توند دەبێتەوە، بەتایبەتی لەلایەن تەوژم و ئاراستە **مارکسی**یەکەوە، بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە **مارکسیزم** بە لاڕێدا دەبات و لە بیرکردنەوە و هزراندنیدا کەسێکی ئایدیالیستییە، هەروەها بەوە تاوانبار دەکرێت **ئایدیالیزمی هێگڵ** تێکەڵ بە **ماتەریالیزمی مارکس** دەکات، تا بە کۆتایی ئەو چەشنە تۆمەتانە دەگات. لەدوای چەند ساڵێک **لوکاچ** ئەو شتە دەکات

که دەتوانین بە ڕەخنە لە خۆ گرتن و پێداچوونەوە بە خۆدا ناودێری بکەین، پاشان شتەکە بە واتایەک لە واتاکان بەوە پاساو دەداتەوە لەو کاتەدا لە سەرەتای ژیانە هزرییەکەیدا بووە، دەنا ئەو بە دڵ و بە گیان کەسێکی **مارکسی** بووە، هەروەها لەو کاتەدا لەژێر کاریگەریی چەندین تەوژمی فەلسەفیدا بووە کە لەو دەمەدا هەبوون، لە نموونەی **کانتیزمی نوێ** و **هێگڵیزمی نوێ** و لە شوێنێک لە شوێنەکانیش **بوونگەرایی کێرکەگارد**، تا بە کۆتایی ئەو تەوژمانە دەگات.
هەروەها گرنگە ئاماژە بەوە بدەین لە ماوەی **جەنگی یەکەمی جیهان**دا، هەڵبەتە بە هۆی جەنگەکەوە، شڵەژان و شپرزەیی و پشێوییەک لە کایەی فەلسەفە و هەڵوێست و دۆخی فەلسەفیدا بە شێوەیەکی گشتی ڕووی دا، بە هۆی کاریگەریی دەنگ و زایەڵەی تەقاندنی تۆپ و تەقینەوەی بۆمب و بۆردومانەکان و بەرپابوونی ماڵوێرانی و کارەساتەکان و خوێنڕشتنەکانەوە، بەو هۆیەشەوە ڕا و بۆچوونە فەلسەفییەکانی ئەوێ ڕۆژێ لە نێوان خۆیاندا دابەش بوون، دەستەیەک پێیان وا بوو جەنگەکە هەموو بیرکردنەوەیەکی **میتافیزیکی** کۆتایی پێ هێنا، بەم پێیە گەڕانەوە بۆ **میتافیزیک** بووە کاری نەکردە و چی تر ئەستەمە، گەڕانەوە بۆ لێکۆڵینەوە **میتافیزیکی**یەکان شتێکە شیانی نییە، دەستەی دووەم بە پێچەوانەوە گوتیان نەخێر لەپاش هەموو ئەو سەرشێتییانەی ڕوویان دا، ئێستا کاتی گەڕانەوەیە بۆ **ئایین** و **میتافیزیک**، دەستەی سێیەمیش ڕوویان کردە **فەلسەفەی نیتچە**، کە ڕەخنەیە لە قۆناغی نوێگەری، دەستەی چوارەمیش ڕوویان کردە تەوژمێکی **نەهیلیستی**، بەڵام **لوکاچ** ڕێگایەکی تری تەواو جیاوازی گرتە بەر، هەرچەندە ئەو کەسێکی **مارکسی** بوو، بەڵام لەڕاستییدا ڕووی کردە **هێگڵ** و **فەلسەفەی هێگڵ**. هەوڵیدا تێکەڵەیەک لە **هێگڵیزم** و **مارکسیزم** بخاتە ڕوو. بەڵام لەدوای ئەوە لە ساڵی١٩١٧ شۆڕشی **بەلشەفی** لە **ڕووسیا** ڕووی دا، بۆ **لوکاچ** بووە ڕووناکی ئومێد، هەر لە سەرەتاوە پشتگیری لێ کرد و بە ڕێگایەکی بینی بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە هەژاری و چەوساندنەوە و **سەرمایەداری**. هەروەها هەر لەم ماوەیەدا **لوکاچ** لە **بوداپیست** یانەیەکی کولتووریی دامەزراند، ژمارەیەک کەسایەتیی هزری و کولتووریی ناسراوی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە، تا ساڵی١٩٣٠ هات، ئەو ساڵە گۆڕانکارییەکی گرنگی لە ژیانی هزریی **لوکاچ**دا بە خۆوە بینی، بە دیاریکراوی کاتێک سەردانی **یەکێتیی سۆڤیەت** دەکات و لە **مۆسکۆ**

نیشتەجێ دەبێت و لەوێ لە **پەیمانگای مارکس و ئێنگڵس بۆ لێکۆڵینەوەکان** کار دەکات، لەوێ لەو پەیمانگایە دەرفەتی خوێندنەوەی هەموو **دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکانی مارکسی** بۆ دەڕەخسێت، لەدواییدا **لوکاچ** وای دەبینێ ئەو بابەتە بە دیاریکراوی زۆر پێشبیری خودان شەقڵی ئایدیالیستی بۆ ڕاست کردەوە کە پێشتر هەیبوون و لە چەند کتێب و کارێکیدا دەرکەوتبوون، لەپاش ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ **مەجەڕ** و لەوێشەوە بۆ **ئەڵمانیا**، بەڵام هەر زوو ئەڵمانیا بەجێ دەهێڵێ، چونکە لەو کاتەدا ئەستێرەی **نازیزم** لە ئاسۆی **ئەڵمانیا** دەدرەوشایەوە، هەر بۆیە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ **یەکێتیی سۆڤیەت**. لەو ماوەیەدا لە پەیمانگای فەلسەفەی سەر بە **ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤیەت** کاری دەکرد و چالاک بوو. بەو جۆرە تا کۆتایی **جەنگی دووەمی جیهان** لە **یەکێتیی سۆڤیەت** دەمێنێتەوە. لەپاش ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی. لەدوای ماوەیەکی کەم وەک مامۆستای **جوانیناسی** لە **زانکۆی بوداپیست** دادەمەزرێت، لەوێ دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی و وێژەیی سەنگین، لە ڕێگایانەوە چەندین تیۆری لە بواری ڕۆمان و وێژە دەخاتە ڕوو و، لە وێژە و نووسینی چەندین نووسەر و وێژەوانی گەورە دەکۆڵێتەوە، وەک ئەو لێکۆڵینەوەیەی سەبارەت بە **بەلزاک**ی ڕۆماننووسی گەورەی **فەڕەنسی** کردوویەتی، لەڕاستییدا هەر لێکۆڵینەوەیەک لەو لێکۆڵینەوانەش بۆ خۆیان کتێبێکی سەربەخۆ و جیان. وەک ئەو لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە **ستاندال** کردوویەتی کە ڕۆماننووسێکی تری **فەڕەنسی**یە، هەروەها سەبارەت بە **ئێمیل زۆلا**، تەنانەت سەبارەت بە **مارکس** و **ئێنگڵس**یش وەک دوو مێژوونووسی وێژە. هەروەها کتێبی **گۆتە و سەردەمەکەی** و **کورتەی مێژووی وێژەی ئەڵمانی** و بێجگە لەو کتێبانەی بڵاو کردەوە کە شەقڵێکی وێژەیی ڕەخنەییان هەیە.

لە ماوەی ساڵانی داهاتووی ژیانیدا مشتومڕی زۆر لەبارەی کتێب و لێکۆڵینەوەکانییەوە دەکرێن، بەتایبەتی ئەوانەیان کە پەیوەندییان بە **فەلسەفەی مارکسیزم**ـەوە هەیە، کە وەک پێشتریش ئاماژەم پێ دا بە هۆیانەوە بە لایەنگری بۆ هزری ئایدیالی و بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە بە جۆرێک لە جۆران بە پشوویەکی بۆرژوازییانە نووسراون. تەنانەت **لوکاچ** لەژێر کاریگەریی ئەو ڕەخنانەدا دەست لە هەندێک شت هەڵدەگرێت کاتێک جۆرێک لە پێداچوونەوە بەو نووسینانە و شێوەیەک

له ڕەخنە لە خۆ گرتن سەبارەت بە هەندێک لەو بۆچوونانە پەیڕەو دەکات کە لە کارەکانیدا هەن.
ساڵی١٩٥٦ **لوکاچ** لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێی تردا کۆمیتەی نوێی ڕێکخەری **پارتی کۆمۆنیستی هەنگاریا** پێک دەهێنێت، لەو ساڵەدا شۆڕش لە **هەنگاریا** بەرپا دەبێت و **پارتی کۆمۆنیستی هەنگاریا** دەسەڵات دەگرێتە دەست، لەدوای شۆڕشەکە و لە یەکەم حکومەتی کۆمۆنیستیی وڵاتەکەدا کە پێکدەهێنرێت، **لوکاچ** دەکرێتە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ڕۆشنبیریی، بەڵام ئەم ئەزموونە بە خێرایی کۆتایی دێت. **لوکاچ** دوور دەخرێتەوە بۆ **ڕۆمانیا** و ماوەی ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە، لەدواییدا بۆ جاری دووەم دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی. لەو ماوەیەدا سەرگەرمی نووسین و بڵاوکردنەوە دەبێت و ژمارەیەک کاری گەورە و گرنگ بڵاو دەکاتەوە، ڕەنگە کتێبی **ئۆنتۆلۆژیای بوونی کۆمەڵایەتی** گەورەترین و گرنگترینیان بێت. بەو چەشنە بە کاروباری هزریی و وێژەییەوە خەریک دەبێت تا لە ساڵی١٩٧١ لە **بوداپیست** کۆچی دوای دەکات.
لەڕاستییدا ئەگەر ئێمە بمانەوێ بە دوورودرێژی وێستگە دەوڵەمەند و پڕ لە بگرە و بەردەکانی ژیانە هزرییەکەی **لوکاچ** بەسەر بکەینەوە، پێویستمان بە نووسینی پتر لە چەند لاپەڕەیەک هەیە و ڕەنگە پێویستمان بە نووسینی کتێبێکی تایبەت هەبێت، هەر بۆیە تەنها بەو هێندە بەس دەکەین.

**یوسف حوسێن**

**پرسیار: بۆ یەکەمین جار کەی بوو ناوی لینینتان بیست؟**

**لوکاچ:** لە کاتێکی زۆر درەنگدا، بیرت نەچێت من بەر لە جاڕدانی کۆماری شووراکان، تێکەڵ بە جووڵانەوەی کرێکاریی نەبووم و، هەرگیز ئەندام نەبووم لەنێو پارتی سۆشیالدیموکراتدا. لە کانوونی یەکەمی ساڵی١٩١٩ پەیوەندیم بە **پارتی کۆمۆنیست**ـەوە کرد، یەکەم پارت بوو لە ماوەی ژیانمدا پەیوەندیی پێوە بکەم.

**پرسیار: کەواتە ئێوە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو پارتە بوون.**

**لوکاچ:** نەخێر، من لەدوای نزیکەی چوار هەفتە لەو کۆبوونەوەیە کە بەسترا و تیایدا جاڕی دامەزراندنی درا، پەیوەندیم پێوە کرد، شتەکان بەو شێوەیە بوون؛ ئەگەرچی من **سۆشیالیست** نیم، ڕەوتە ئایدیۆلۆژییە **فەرەنسی** و **ئینگلیزی**یە گەورەکان زۆر چاک ئاشنابووم. لەو کاتەدا **کاوتسکی**[1]، **مێرینگ**[2]و، بەتایبەتی **سۆریل**[3]ی فەرەنسیم دەخوێندەوە کە

---

[1] - کاوتسکی Karl Kautsky (١٨٥٤- ١٩٣٩) تیۆریسێنی سۆشیالدیموکراتی ئەڵمان و یەکێکە لە بەناوبانگترین بانگەشەکارانی هزری مارکسیی سونەتی لە ماوەی پێش جەنگی یەکەمی جیهان (١٩١٤- ١٩١٨) دا. لە پراگ لە دایک بووە، لە ڤیین خوێندوویەتی، لەگەڵ ئێنگڵس کاری کردووە، لەپاش کۆچی دوایی

**ئیرڤین شایو** هێمای بۆ کردووە و سەرنجەکانی بەرەو لای ئەو ڕاکێشا. ئەمە لە کاتێکدا بە هیچ کلۆجێک هیچ شتێکم سەبارەت بە جووڵانەوەی کرێکاریی ڕووسی نەدەزانی، یاخود باشتر بڵێم ژمارەیەک لە کتێبەکانی **پلیخانۆف**[4] ئاشنا بووم، بەڵام ناوی **لینین** کاتێک پەیتا پەیتا لای من واتای

---

کردنی ئێنگڵس سەرپەرشتیی بڵاوکردنەوەی ئەو کارانەی مارکسی کردووە کە بڵاو نەکراونەتەوە. لەدواییدا بووەتە دوژمنی باوەکوشتەی ئەو مارکسیزمە شۆڕشگێڕەی لینین ڕابەرایەتی کردووە. کتێبی "دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا" کە لە ساڵی١٩١٨دا چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لینین وەک نموونەی شێواندنێکی ناشیرین و خراپی هزری مارکسی لە قەڵەم داوە و بەوە تاوانباری کردووە کە نەیتوانیوە لە ئەرکەکانی دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا تێ بگات. هەروەها ڕەخنەی لە کتێبی "ڕێگای دەسەڵات"ـەکەی گرتووە، لەبەر ئەوەی تیایدا خۆی لە قسەکردن لەسەر لەناوبردنی ئامێری دەوڵەتی بۆرژوازی بواردووە. لە ماوەی دەسەڵاتی نازییەکاندا بە ناچاری لە ئەڵمانیا هەڵهاتووە بۆ ئەمستردام و لەوێ سەری ناوەتەوە.

[2] - فرانتس ئێردمان مێرینگ Franz Erdmann Mehring (١٨٤٦- ١٩١٩) سیاسەتوانێکی شۆڕشگێڕی کۆمۆنیستی ئەڵمانە، سەرەتای ژیانی سیاسی لەناو پارتی سۆشیالدیموکراتی ئەڵمان و وەک بەرهەڵستکاری بیسمارک دەست پێ کردووە. لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهاندا بە هۆی بەرهەڵستیکردنی جەنگەکەوە پەیوەندی بە پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانەوە کردووە و لەگەڵ ڕۆزا لوکسەمبورگ و کارل لیکبنخت هاوپەیمانیی سپارتاکۆسی دامەزراندووە. لە ماوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا بیر و بۆچوونە بەلشەفییەکان کاریان تێ کردووە، بەشداریی شۆڕشی نۆڤەمبەری (١٩١٨- ١٩١٩) لە ئەڵمانیا کردووە کە داوای کارکەنارکردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی ڤیلهلمی دووەمی ئیمپراتۆری ئەڵمانی کردووە.

[3] - ژۆرژ سۆریل Georges Eugéne Sorel (١٨٤٧- ١٩٢٢) فەیلەسووف و تیۆریسێنێکی سەندیکایی شۆڕشگێڕی فەرەنسییە.

[4] - گیۆرگی ڤالینتینۆڤیچ پلیخانۆڤ Georgii Valentinovich Plekhanov (١٨٥٦- ١٩١٨) باوکی جووڵانەوەی سۆشیالیزمی ڕووسی و باوکی مارکسیزمی ڕووسی و یەکەم دامەزرێنەری شانەی کۆمۆنیستی و تیۆریسێنی پارتی کۆمۆنیستی ڕووسیایە لە سەرەتاکانی دروستبوونیدا لە لەندەن لە ساڵی١٩٠٢ دا. ئەم ناوی ماتەریالیزمی دیالەکتیکی لە فەلسەفەی مارکسیزم ناوە، لە سەرەتای کار و چالاکیی بەلشەفییەکاندا لە ئاوارەیی، چووەتە پاڵ لینین، لەدواییدا لێی جیابووەتەوە کاتێک تاکتیکی بەلشەفییەکانی بە دڵ نەبووە، پێی وا بوو بانگەشەکردن بۆ شۆڕش لە ڕووسیا، پێشوەختە و هێشتا کاتی نەهاتووە.

پەیدا کرد کە ڕۆژنامەکان بوارێکی فراوانیان بەو ڕۆڵە بەخشی کە **شۆڕشی ئۆکتۆبەر** لە ساڵی١٩١٧دا وازی کرد، بەڵام لەڕاستییدا من لە کاتی کۆچمدا بۆ **ڤییەن** نەمتوانی بایەخی ڕاستەقینەی **لینین** بسەنگێنم. تەنانەت **بێلا کون**[5]ی ئایدیۆلۆگ کە من لە سەرەتادا پەیوەندیی باشم لەگەڵیدا هەبوو، لە گفتوگۆ تایبەتییەکانی نێوانماندا زیاتر باسی **بوخارین**ی وەک ئایدیۆلۆژیستێک بۆ دەکردم وەک لە **لینین**. تەنها لە کاتی کۆچم بۆ خوێندنم بۆ **ڤییەن** توانیم واتای **لینین**، ئەو سەرکردە و ئیلهامبەخشەی جووڵانەوەی کرێکاریی، بدۆزمەوە.

**پرسیار: چ شتێک لە ڕەفتاری لینیندا سەرنجی ئێوەی ڕاکێشا؟**

**لوکاچ:** ئەوەی شۆڕشگێڕێک بوو لە تەرزێکی تەواو نوێ. لە ماوەکانی گواستنەوەدا چەندین دەستەی زۆر لەو خەڵکانە تێکەڵ بە جووڵانەوەی کرێکاریی دەبن کە لە ڕاستەوە بەرەو چەپ هاتوون، لەگەڵ خۆیاندا هەموو تایبەتمەندییەکانی باڵی ڕاسترەو و ئەو نەرێنییانەی لەسەری ڕاهاتوون و، دەرفەت و توانای سازان لەگەڵ کۆمەڵی سەرمایەداریی پێ بەخشیون دەهێنن. ئەم چەشنە لە خەڵک لای من گرنگ نەبوو، من بیرم لە هەندێک لەو شۆڕشگێڕە بەهێزە سۆفیگەرانە دەکردەوە کە لە ڕێگای هۆشیاریمەوە لەگەڵیاندا لە پەیوەندییدا بووم و، ئەم تەرزە لە شۆڕشگێڕان لە ماوەی **شۆڕشی فەرەنسی** لە تەوژمی **یەعقوبییەکان**[6] و لە چوارچێوەی **ڕۆبسپیر**[7] دا پەرەی سەند و پەیدا بوو، ئەم تەرزە لە

---

[5] - بێلا کون Béla Kun (١٨٨٦- ١٩٣٨) شۆڕشگێڕێکی کۆمۆنیست و سیاسەتوانێکی مەجەری (هەنگاری) یە، ساڵی١٩١٩ فەرمانڕەوایی کۆماری سۆڤیەتیی مەجەری کردووە. تا جەنگی یەکەمی جیهان وەک ڕۆژنامەنووس کاری کردووە. لە سوپای نەمساوی مەجەریدا خزمەتی سەربازیی کردووە، ساڵی١٩١٦ لەلایەن سوپای ئیمپراتۆریی ڕووسییەوە دیل کراوە و ڕەوانەی گرتووخانەی یەخسیرانی جەنگ لە ئۆراڵ کراوە. لە ماوەی بوونیدا لە ڕووسیا بووەتە کۆمۆنیست، ساڵی١٩١٨ بەشداریی لە دامەزراندنی باڵی مەجەریی پارتی کۆمۆنیستی ڕووسی لە مۆسکۆ کردووە. بووەتە هاوڕێی لینین و شان بە شانی بەلشەفییەکان لە شەڕی ناوخۆی ڕووسیا بەشداریی کردووە.

[6] - یەعقوبییەکان دەستەیەکی سیاسیی توندڕەوە، بە چالاکییە تیرۆریستییەکانیان لە ماوەی شۆڕشی فەرەنسیدا، ناویان ڕۆیشتووە.

[7] - ماکسیمیلیان فرانسوا ماری ئیزیدۆر دو ڕۆبسپیر Maximilien François Marie Isidore Robespierre (١٧٥٨- ١٧٩٤) پارێزەر و سیاسەتوان و

شۆڕشگێڕان بە چەشنێکی ئایدیالی لە لایەن **یۆجین کیفین**ـەوە نوێنەرایەتی کران کە لەدوای دارمانی **کۆماری شووراکان**[8] لە **باڤاریا**، لە **میونیخ** لە سێدارە درا. ناوبراو پێشتر گوتبووی؛ "ئێمەی کۆمۆنیستەکان لە مردووی مۆڵەتدراو دەچین". ئەو شۆڕشگێڕانە، لە **هەنگاریا**، بڕێک نموونەی هەڵاوێردی ئایدیالییان هەبوو، من نامەوێت لەو بارەیەوە لیستێک بنووسم، بەڵکو تەنها دەمەوێت هێما بۆ **ئۆتۆکۆرفین** بکەم، کە نوێنەرێکی نموونەیی شۆڕشی سۆفیگەرانە بوو.

هەرچی **لینین**ـە نموونەیەکی بە تەواوی نوێ بوو؛ دەتوانین بڵێین بە هەموو ئەو ورە و هەڵمەت و گیانەی کە هەی بوو، خۆی تێکەڵ بە شۆڕش دەکرد و تەنها لە شۆڕشدا دەژیا، بەڵام بەبێ ئەوەی لە هیچ ڕووواڵەتێکی سۆفیگەرانەدا دەربکەوێت. **لینین** دەیزانی چۆن جەخت لەسەر دژبەرییە تایبەتییەکانی خۆی بکاتەوە، یاخود باشتر بڵێین؛ دەکرێت بڵێین زۆر چاک دەیزانی چۆن چێژ لە ژیان وەردەگرێت. مرۆڤێک بوو ئەرک و کارە تایبەتەکانی خۆی هێندە ئەرێنییانە بەجێ دەهێنا، دەتگوت سۆفیگەرێکە، بەبێ ئەوەی تاکە تایبەتمەندییەک لەو تایبەتمەندییانەی سۆفیگەریی هەبێت. پاش ئەوەی توانیم ئەم بۆچوونە سەبارەت بە **لینین** دروست بکەم و، چاودێریی هەموو تایبەتمەندییەکانی ڕەفتار و هەڵسوکەوتیم کرد، دواجار دڵنیابوومەوە لەوەی ئەو نموونە مرۆییە هەرە باڵاکەی شۆڕشگێڕی سۆشیالیستییە، کە بە چەشنێکی ڕوون پشت بە دیدێکی ئایدیۆلۆژییانەی قووڵ دەبەستێت، بەڵام ئەو جووڵانەوە کرێکارییەی پێش ئەو دروست بوو بوو، دابەشبوونێکی توند لە نێوان ژیان و ئایدیۆلۆژیادا لە چارەی نووسرا بوو.

چونکە لە لایەک **سۆشیالدیموکرات** مارکسیزمی بە لاڕێدا بردبوو و، بۆ شتێکی هاوشێوەی سۆسیۆلۆژیای وەرگۆڕی بوو و، لە لایەکی تر بە هۆی پێلێنانی لە بەرتریی ئابووریی لەو چینانەی کە لێی بەرهەمهاتوون،

---

یەکێکە لە کاریگەرترین کەسایەتییەکانی شۆڕشی فەڕەنسیی ساڵی ١٧٨٩. ڕۆڵێکی دیاری لە بزواندنی ئەو ڕای گشتییەدا وازی کرد کە بووە هۆی ڕووخاندنی پادشایەتی لە فەڕەنسا لە ساڵی ١٧٩٢دا.

[8] - کۆماری شوراکان یاخود کۆماری باڤاریای سۆڤیەتی یان کۆماری میونیخی سۆڤیەتی Räterepublik دەوڵەتێکی سۆشیالیستیی ددانپێدانەنراوە لە باڤاریا، لە سەروەختی شۆڕشی ئەڵمانی لە نێوان ساڵانی١٩١٨- ١٩١٩ ماوەیەکی کەم تەمەنی کرد و بەردەوام بوو.

تێبینیی ئەوەم کرد هۆشیاریی چین لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە، پرسێکی چەسپاو و بەجێ هاتوو و پێدراوێکی بابەتی و گشتییە. **لینین** هەریەک لەم دوو گریمانەیەی دایە دواوە و ئەو یەکەم کەس بوو بەرمەبنای **مارکس** پاڵنەری خودیی لە شۆڕشدا لەبەر چاو گرت.
پێناسەکەی **لینین** بەناوبانگە و دەڵێت؛ دۆخی شۆڕشگێڕیی خەسڵەتێکی تایبەتی هەیە و ئەویش ئەوەیە چینە باڵادەستەکان توانای فەرمانڕەواییکردن بە هۆی ئامراز و شێوازە کۆنەکان لەدەست دەدەن، لە کاتێکدا چینە چەوساوەکان ژیان بەگوێرەی بناغە کۆنەکان ڕەتدەدەنەوە.
هەندێک لە شوێنکەوتەکانی **لینین** ئەم بۆچوونەیان بە برێک جیاوازییەوە ڕەچاو کرد، واتە پێیان وا بوو ئارەزوونەکردنی ژیان بەگوێرەی شێوازە کۆنەکان واتای ئەوە دەگەیەنێت پێشکەوتنی ئابووریی بە چەشنێکی برێک میکانیکی چەوساوەکان دەگۆڕێت بۆ شۆڕشگێڕ. لە کاتێکدا **لینین** سەبارەت بە دیالەکتیکی ئەم پرسە هۆشیار بوو، بەو واتایەی پەیوەندیی بە جووڵەی بەردەوامی کۆمەڵێکەوە هەیە کە دەشێت چەندین جووڵەی بەردەوام بە خۆوە بگرێت.
من دەمەوێت ئەم هەڵوێستەی **لینین** لە ڕێگای نموونەیەکی خاوەن واتایەکی بەرچاوەوە ڕوون بکەمەوە. لە کاتی مشتومڕە گەورەکاندا سەبارەت بە **شۆڕشی٧ی نۆڤێمبەری١٩١٧**، **زینۆفێڤ**[9] لەنێو ئەو وتارانەدا کە نووسینی وتارێکی نووسی تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هیچ دۆخێکی شۆڕشگێڕیی ڕاستەقینە بوونی نییە، چونکە تەوژمە کۆنەپەرستەکان لە ڕیزی چەوساوەکاندا یەکجار بەهێزن و، وێڕای ئەوە، بەشێکی زۆر لە جەماوەر شوێن دەستەی **سەد ڕەشەکە** دەکەوتن، واتە ئەوپەڕی کۆنەپەرستیی ڕووسی. **لینین** بەو توندییەی پێی ناسراو بوو،

---

[9] - گریگۆری یوسڤیچ زینۆفێڤ Григóргiий Евсéевич Зинóвьев (١٨٨٣- ١٩٣٦) کۆمۆنیستێکی ڕووسی و یەکێکە لە شۆڕشگێڕە بەلشەفی و پاشان سیاسەتوانەکانی حکومەتی سۆڤێت. لەپاش کۆچی دوایی لینین لە ساڵی ١٩٢٤، لەگەڵ کامینێیڤ چووە پاڵ ستالین لە دژی ترۆتسکی و بووە یەکێک لە هۆکار و بناغەداڕێژە سەرەکییەکانی دەرپەڕاندنی ترۆتسکی لە پارتی کۆمۆنیست و دەسەڵات گرتنە دەستی ستالین. دواتر و لە کاتێکی تردا و لەدوای دەسەڵات گرتنە دەستی ستالین، لە دژی ستالین لەگەڵ ترۆتسکیدا چووە هاوپەیمانێتییەوە، بەڵام ئەو کات کار لە کار ترازا بوو و، لە ڕۆژی ٢٥ی مانگی ئابی ساڵی١٩٣٦دا درا لە سێدارە.

ئەم بنەمایەی **زینۆفێڤ**ی دایە دواوە. جەختی لەسەر ئەوە کردەوە بە بڕوای ئەو بوونی قەیرانێکی کۆمەڵایەتیی گەورە، واتە کاتێک خەڵک ئارەزوونەکردنی ژیان بەگوێرەی شێوازە کۆنەکە دەست پێ دەکەن، ئەم "نائارەزوو"ە دەشێت سەرهەڵبدات، یاخود باشتر بڵێین دەبێت سەرهەڵبدات، هەم بە ئاراستە شۆڕشگێرانەکەدا یاخود بە ئاراستە کۆنەپەرستانەکەدا. بەڵکو ئەو پێچەوانەی **زینۆڤێڤ** پێی لەسەر ئەوە دادەگرت دۆخێکی شۆڕشگێریی شیانیی نابێت ئەگەر جەماوەرێک نەبن ڕووە و ئاراستە کۆنەپەرستەکە هەنگاو بنێن، بەم هۆیەشەوە توانا بابەتییەکانی کرێکار بەرز دەکەنەوە. ئەرکی حیزب بەتایبەتی لەم قۆناغەدا، بەرزکردنەوەی توانا خودییەکانی کرێکارە.

هیچ ڕێکەوتیش نییە بنەما ئانارشییەکە، بەگوێرەی بۆچوونی **لینین**، بە ڕەهایی هەڵە بێت، ئەو بنەمایەی دەڵێت سەرەتای شۆڕش کردەی گواستنەوەی تاکەکانە لە خۆپەرستیی سەرمایەدارییەوە بۆ هزرە کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایەداریی. **لینین** هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، پێویستە شۆڕش بە پشتبەستن بەو خەڵکانە دەست پێ بکات، کە ئەوانیش دیسان سەرمایەداریی دروستی کردوون و بە شێواز و ڕێگای جیاواز لە نرخیانی کەم کردووەتەوە، واتە پشتی بە قەوماوێک بەست، کە دەڵێت کردارە هەمەچەشنەکانی تاکەکان لەگەڵ پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوئاهەنگ دێنەوە. ئەو هەمیشە هەوڵیدەدا ئەرکە سەرەکییەکانی شۆڕش لەم هاوئاهەنگییە قەوماوەوە هەڵبهێنجێت، بەرمەبنای ئەوەش- هەروەها لەسەر بناغەی ئەو بنەما لینینییانەیەی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەوەی پێویستە بکرێت لە لێکدانەوەی قەوماوی دۆخی قەوماوەوە لە دایک دەبێت- لەڕاستییدا لێکدانەوەی کەسەکانیش دیسان تێهەڵکێشی ئەم لێکدانەوەیە دەبێت.

**پرسیار: کەواتە تاکیش دیسان بەو شتە پشت دەبەستێت...**

**لوکاچ:** لێرەدا جیاوازییەکی تری گەورەمان لە نێوان سەردەمی **لینین** و قۆناغی دواتردا لە پێشە، ئەم جیاوازییە ڕاستەوخۆ لەپاش مەرگی **لینین** دەستی بە ڕوونبوونەوە کرد، تا لە کۆتاییدا بەو شتە گەیشتە لوتکە و تەقییەوە کە بە **دادگاییە گەورەکان** لە نێوان ساڵانی ١٩٣٦-١٩٣٧دا ناودێر کرا، کە بۆچوونە باوەکان لەو ماوەیەدا باسی ئەوەیان دەکرد ئەگەر ئێمە لە ڕابووردووی ئەوە بڕوانین کە لە دژی هێڵ یاخود ئاراستەی **کۆمیتەی ناوەندیی** بوو، دەبینین یەکێک بوو لە هەرە

کۆنەپەرستەکان، بەم جۆرە ئێمە هیچ کارێکی دیکەمان نەکرد، تەنها دروستکردنی خەڵکانێکی کۆنەپەرست نەبێت. بەڵام **لینین** تەواو بەپێچەوانەوە ڕەفتاری دەکرد. ئەو داوەرییەیش کە دەیکرد داوەرییەکی بابەتییانەی دوور بوو لە سەرسامبوون و هاوسۆزیی تایبەت و کەسییەوە. بۆ نموونە **بوخارین** لە ڕوانگەی ئەودا کەسایەتییەکی ئەوپەڕی نیان بوو و بەو هۆیەشەوە شایستەی ڕێزی ڕەوای خۆی بوو لە حیزبدا، بەڵام کاتێک دوانامەی خۆی نووسی کە وەک ڕاسپێریی و وەسیەتەکەی وا بوو، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە **بوخارین** هەرگیز **مارکسی**یەکی ڕاستەقینە نەبووە. لە کاتێکی تریشدا، لە سەروەختی گفتوگۆکانیدا لەگەڵ **ماکسیم گۆرکی**[10]، جەخت لەسەر ئەو خزمەتە گەورانە دەکاتەوە کە **ترۆتسکی** لە ساڵی١٩١٧و لە کاتی شەڕی ناوخۆدا کردنی و گوتی بێگومان حیزب دەتوانێ شانازیی بە توانا و چالاکیی **ترۆتسکی**یەوە بکات، بەڵام، بەو جۆرەی **گۆرکی** لە سەروبەندی ڕوونکردنەوەی لایەنی نەرێنیی نێو **ترۆتسکی**دا دەڵێت، هەروەها دەشڵێت وێڕای ئەوە: "**ترۆتسکی**[11] لەگەڵ ئێمە ڕێ دەکات، بەڵام لەڕاستییدا بەشێک نییە لە ئێمە"، هەروەها ئەو بڕێک تایبەتمەندیی ناپەسەندی هەن ئەو وا لێ دەکەن لە **لاسال**[12]" بچێت.

ئەم دوو نموونەیە بە ڕوونی ئەوە دەردەخەن چۆن **لینین** دادپەروەرانە داوەریی ئەو کەسانەی دەکرد کە سەر بە بازنەی نزیکترین یاریدەدەرەکانی بوون و، چۆن لە هەڵهێنجانی لایەنی بنەڕەتیی نێو تایبەتمەندییە چاک و خراپەکانیان و لایەنی چەوت و لایەنی ڕاستیان

---

[10] - ئالێکسی ماکسیمۆڤیچ پیشکۆڤ *Алексей Максимович Пешков*، ناسراو بە ماکسیم گۆرکی *Максим Горький* (١٨٦٨-١٩٣٦) وێژەوان و چالاکوانێکی سیاسیی ڕووسە، دامەزرێنەری ڕیالیزمی سۆشیالیستییە. پێنج جاران بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێڵ بەربژێر کراوە.

[11] - لێڤ داڤیدۆڤیچ برۆنشتاین Lev Davidovich Bronstein، ناسراو بە لیۆن ترۆتسکی Leon Trotsky (١٨٧٩- ١٩٤٠) شۆڕشگێڕ و سیاسەتوان و تیۆریسێنێکی سیاسیی ڕووسە. کەسایەتییەکی سەرەکیی شۆڕشی ساڵی١٩٠٥ و شۆڕشی ئۆکتۆبەر و شەڕی ناوخۆی ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەتە.

[12] - فێردیناند لاسال Ferdinand Lassalle (١٨٢٥- ١٨٦٤) یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕەوتی سۆشیالیزمی ئەڵمان، جووڵانەوەکەی بانگەشەی بۆ بنەمای هاریکاری لەگەڵ ڕژێمی دەرەبەگایەتی فەرمانڕەوا دەکرد.

شارەزایە و، وەک خۆیان چۆنن هانیان دەدات بەبێ ئەوەی بوار بەوە بدات هاوسۆزیی یاخود قایلبوونی تایبەت و کەسی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هەڵوێستەکانی و کارە سیاسییەکەی هەبێت.
ئەم چەشنە لە ڕەفتاری لە ڕووی تیۆرییەوە ئاڵۆز، بەرامبەر بە هەر کەسێک هەبیوو کە لەگەڵیدا لە جۆرێک لە پەیوەندییدایە "هەڵبەتە ئەمە لە ئەوپەڕی شیمانەکاندا، پەیوەندیی بە سەد یاخود دووسەد کەسێکەوە هەیە و، تەنها بۆ ئەو ژمارەیە گرنگیی هەیە، چونکە ڕێی تێ ناچێت وێنای ئەوە بکرێت **لینین** لەگەڵ هەموو هاونیشتمانییان لە **یەکێتیی سۆڤیەت** یاخود لە جووڵانەوەی کۆمۆنیستییدا پەیوەندیی تایبەتی هەیە". هاوکات دژبەریی هەموو ئەوانەشی دەبینی. من نموونەیەکیت بۆ دەهێنمەوە؛ **لینین** بە ڕوونی پێیوابوو لە سای شەڕێکی ناوخۆیی تا دوا دڵۆپە خوێن خوێناویدا، ناشێت هەمیشە بەگوێرەی یاسا و دادگەریی بجووڵێینەوە. چونکە جارێکیان لە سۆنگەی ئەو پەرۆشی و دڵسۆزییەوە کە پێی ناسراو بوو، بە **گۆرکی،** کە بە دەم دەربڕینی بێزاریی و سکاڵاکردنەوە باسی شەڕێکی بۆ دەکرد لەنێو یەکێک لە یانەکاندا ڕووی دا، دەڵێت: "کێ دەتوانێت ئەوە یەکلا بکاتەوە کام لە مشتەکۆڵەکان پێویست بوون بۆ دەستپێکردنی ئەو شەڕە و کامیان پێویست نەبوون؟"، بەڵام هەروەها گوتیشی: "کارێکی زۆر گرنگ و پێویستە فەرماندەی ڕاسپێردراو بە سەرکوتکردنی دژەشۆڕش، بڕێک هەستی سەبارەت بە ڕووداوەکان و بە دادگەریی هەبێت". ئەمە بەو واتایەی هەموو دۆزێک بە شێوەیەکی ئاڵۆزی فرەلایەن خۆی دەسەپێنێت، چ پەیوەندیی بە بڕیارێکی سیاسیی گەورەوە هەبێت یاخود بە داوەرییەکەوە کە پێویستە سەبارەت بە کەسێک لە کەسەکان بکرێت.
**پرسیار: پەیوەندیی لینین لەگەڵ گۆرکی چۆن بوو؟**
**لوکاچ: لینین** بە توانای **گۆرکی** زۆر سەرسام بوو و ئەوەش لەو نامانەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە بۆ ساتێکیش چییە لە ڕەخنەکردنی نەدەکەوت کاتێک **گۆرکی** بە ڕێگای هەڵەدا دەڕۆیشت. ئێمە جارێکی تریش دەتوانین تێبینیی ئەوە بکەین **لینین** چەند دوور بوو لە بیرکردنەوە بەو جۆرەی هەندێک لە خەڵک هەرگیز هەڵە ناکەن، یاخود بە پێچەوانەوە ئەوەی خەڵکانێک هەبن تا سەر هەڵە بن.
**لینین** لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە پەرگیریی کاتێک باسی چەوتییەکان دەکات، بە شێوەیەکی تەواو ڕوون دەڵێت هیچ خەڵکانێکی بێ هەڵە

بوونیان نییە، هەروەها دەڵێت: ژیرە ئەو کەسەی هەڵەی گەورە و قووڵ ناکات و بەوپەڕی خێرایی کە لە توانادایە دەتوانێت ئەو هەڵەیە ڕاست بکاتەوە کە کردی. لەمەشدا دیسان دەردەکەوێت چۆن داوای لێکدانەوەی قەوماوی دۆخی قەوماو دەکات، کاتێک هێمای بۆ پەیوەندییە مرۆیی و سیاسییەکان لەگەڵ کەسە گرنگەکاندا دەکرد.

**پرسیار: ئەی پێتوایە پەیوەندیی لینین لەگەڵ مارتۆف[13] گرنگ بوو؟ چونکە کاتێک دوو نەیار دەست دەکەن بە..**

**لوکاچ:** بەڵێ، زۆر گرنگ بوو، چونکە ئەم پەیوەندییە لە سەرەتاکانی سەدەکەدا دەستی پێ کرد، کاتێک هەردووکیان پێکەوە لەنێو جووڵانەوەی نایاسایدا بوون، بەردەوام گفتوگۆ و مشتومڕیان بوو، سەرەڕای هەموو ئەوانە **لینین مارتۆف**ی خۆشدەویست، سەرباری هەموو دژبەریی و جیاوازییەکانی نێوانیان، وەک مرۆڤێکی جوامێر و بەتوانا لێی دەڕوانی. هەموو ئەمانەش ئەو کاتە بە ڕوونی دەرکەوت کە لەپاش پەیماننامەی **برێست- لیتۆڤسک**[14] کێشمەکێشی چینایەتی تاوی سەند. بە کردەوەش وا بوو، **لینین** دادگایی **مارتۆف**ی نەکرد، بەڵکو ئەوەی نەشیا کردی تاکو **مارتۆف** قایل بکات **یەکێتیی سۆڤیەت** بەجێ بهێڵێت و لە دەرەوە چالاکییەکانی ئەنجام بدات. دەیویست **مارتۆف** لە **جووڵانەوەی کرێکاریی ڕووسی** دوور بخاتەوە، بەڵام نەیدەویست لەناوی بەرێت. ئەمەش کتومت پێچەوانەی ئەوەیە کە لە ساڵانی دواتردا ڕووی دا.

---

[13] - یۆلیۆس مارتۆف Юлий Осипович Мартов (١٨٧٣- ١٩٢٣) شۆڕشگێڕێکی ڕووسیی بە نەژاد جوو و ڕابەری مەنشەفییەکانە، بە سەرۆکایەتیکردنی باڵی کەمایەتیی مەنشەفییەکان ناسراو بوو کە بە هۆی بڕێک ناکۆکیی ناوخۆییەوە لە پارتی کرێکارانی سۆشیالدیموکراتی ڕووس جیا بووەوە تیایدا لینین وەک سەرۆکی بەلشەفییەکان و مارتۆف وەک سەرۆکی مەنشەفییەکان بەرەنگار بوونەوە.

[14] - برێست لیتۆڤسک، پەیماننامەیەکی ئاشتی بوو لە ڕێکەوتی ڕۆژی ٣ی مانگی ئاداری ساڵی١٩١٨ لە نێوان ڕووسیای سۆڤیەتی و هێزە گەورەکاندا واژۆ کرا، بەگوێرەی ڕێککەوتننامەکە ڕووسیا لە جەنگی یەکەمی جیهان کشایەوە، پەیماننامەکە لەدوای چەند مانگێک دانوستان لەپاش ئاگربەست لە بەرەی شەڕی خۆرهەڵات لە ساڵی١٩١٧دا بەسترا.

**پرسیار: پێموایە ئەوە بەشێک بوو لە ڕاستیی لینین کە جارێکیان گوتی: "باشتر وایە ناحەزێکی کۆچبەر بێت، وەک لەوەی شەهیدێک بێت لە نیشتمان".**

**لوکاچ:** لەم بابەتەشدا دیسان **لینین** هەر **لینین** خۆیەتی.. چۆن ئەوەت بۆ ڕوون بکەمەوە.. ئەوەی من دەیڵێم ڕیشەکانی خۆی لە ڕاستییە دژ بە سۆفیگەرییەکەی ئەودایە. - لە قسەکردن لەسەر **گۆرکی**دا ئەوەم بۆ باس کردیت- **لینین** سڵی لە جەختکردن لەسەر ئەوە نەکردەوە دەشێت خەڵکانێکی بێتاوان لە کاتی شەڕی ناوخۆدا گیان لەدەست بدەن، هەر بۆیە ئەوەندەی پێی کرا ویستی خۆی لەوە بپارێزێت، لەمەشدا بەرژەوەندیی شۆڕشی لەبەر چاو گرت، کاتێکیش کەمترین توانا هەبوون، شێواز و ئامرازە توند و دڵڕەقەکانی لە دژی کەسەکان بە کار نەدەهێنا.

**پرسیار: پێموایە پەیوەندیی لینین لەگەڵ گۆرکی، وێڕای ئەو شتەی دەشێت لە ڕووی مرۆییەوە هەڵبهێنجرێت، دەشێت دیسان گرنگ بێت، بە ئەندازەی ئەوەی پەیوەندییە لە نێوان سیاسی و وێژەوانێکدا، بەڵکو دوورتر لەمەش بە قەدەر ئەوەی پەیوەندییە لە نێوان سیاسەت و وێژەدا.**

**لوکاچ:** ئەوە تەواو ڕاستە و لەمەشدا هاوشێوەییەک هەیە لەگەڵ ئەو سەرسوڕمانەدا کە **مارکس** بەرانبەر بە **هاینە**[15]ی هۆزانڤان هەستی پێ دەکرد. ئەو دەرکی بە چەوتیی هەڵوێستەکانی لە ڕووی ئاکارییەوە لە زیاد لە لایەنێکەوە دەکرد، هەمان شتیش لەگەڵ **لینین**دا ڕووی دا، کە بێگومان **گۆرکی** بە گەورەترین وێژەوانی زیندووی ڕووس لە قەڵەم دەدا. هەر ئەمەش بوو ئەو شتەی بەو ئاراستەیدا ڕێبەریی کرد کە بەرامبەر بە **گۆرکی** هەستێکی تایبەت و کەسی دای بگرێت. بەڵام پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت **لینین** ئەم چەشنە مەیلەی تەنها بەرانبەر بە **گۆرکی** نەبوو.

[15] - کریستیان یۆهان هینریش هاینە Christian Johann Heinrich Heine (١٧٩٧- ١٨٥٦) شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگرێکی وێژەیی ئەڵمانە. لە دەرەوەی ئەڵمانیان بەو شیعرە لیریکییانەی ناسراوە کە لە سەرەتای ژیانیدا نووسیوونی و لە شێوەی گۆرانیی میللی و لەلایەن ئاوازدانەری لە نموونەی شۆمان شۆبێرتەوە ئاوازیان بۆ دانراوە.

گومانی تێدا نییە ئەو لە سەروەختی شەڕی ناوخۆدا، زۆر بە توندی دەدوا، بەڵام شان بە شانی پێلێنان لە توانای نووسەرێکی ڕووسییدا کە بە تەواوی چووە پاڵ دژە شۆڕشەوە، بمبوورە لە ئێستادا ناوەکەیم نایەتەوە یاد، بەهەرحاڵ نووسەرێکی گرنگ نەبوو، بەڵام دەمەوێت ئەوەش بۆ قسەکانم زیاد بکەم- چونکە ئەوە پەیوەندیی بەم بابەتەوە هەیە- کە **کرۆپسکایا**[16] ڕاستی بۆ چوو کاتێک گوتی؛ **لینین** لەنێو ئەو وتارەدا کە لەساڵی١٩٠٥دا نووسی- ئەو وتارەی لە قۆناغی **ستالینیزم**دا گۆڕا و بوو بە بناغەی بەراورد و داوەرییکردنی وێژە- ئەو تێزانەی کە تیایدا خراونەتە ڕوو دەشێت بەسەر وێژەدا جێبەجێ بکرێن. چونکە هێمای بۆ ئەو ئاراستە نوێیانە دەکرد، کە پێویستە ڕۆژنامەکانی حیزب و چاپکراوەکانی، کە لە دۆخی کاری نهێنی هاتوونەتە دەر، پەیڕەویان بکەن.

بێگومان **لینین** مافی تەواوی ئەوەی هەبوو داوا لە ڕۆژنامەگەریی حیزب بکات هێڵێکی سیاسیی دیارییکراوی هەبێت و پێویستە وتارە بڵاوکراوەکان بەگوێرەی ئەو هێڵە سیاسییە بنووسرێن، بەڵام ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە وێژەوە نییە. **لینین** هەرگیز بەو چەشنە بیری نەکردەوە پێویستە وێژە ببێت بە زمانحاڵی حیزب و ڕۆژنامەی ناوەندیی سۆشیالیستی. ئەوەش لەم دوو شتە بنەڕەتییەدا ڕوون بووەوە: یەکەم؛ **لینین** هیچ ڕێزێکی لەو شتە نەدەنا کە بە وێژەی فەرمی ناودێر دەکرێت، دووەم؛ لەگەڵ ئەو شتەدا کە بە شۆڕشی کولتووریی ناوزەد دەکرێت هەستی بە دژبەرییەکی زۆر دەکرد.

هەروەها ئەوەش ئاشکرایە چۆن **لینین** تەنانەت لە **مایکۆڤسکی**[17] ش چەشنێک هەستەوەرانە دەیڕوانی، جارێکیان لە کاتی لێدوانێکیدا لە

---

[16] - نادیژدا کرۆپسکایا Nadezhda K. Krupskaya (١٨٦٩- ١٩٣٩) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بەلشەفی ڕووسی لە ماوەی شۆڕشی ساڵی١٩٠٥دا. لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری١٩١٧ بووە ڕاسپێردراوی خوێندن و فێرکردن و ڕۆڵی سەرەکیی لە دامەزراندنی سیستەمی خوێندن و فێرکردنی سۆڤیەتدا گێڕا.

[17] - مایکۆڤسکی Vladimir Vladimirovich Mayakovsky (١٨٩٣-١٩٣٠) شاعیر و شانۆنووس و هونەرمەند و نواندنکارێکی ڕووسە.

یەکێک لە کۆبوونەوەکانی **کۆمسۆمۆڵ**[18] گوتی کە ئەو هێشتا لایەنگیریی لە **پوشکین**[19] دەکات و **پوشکین** بە شاعیرێکی ڕاستەقینە دەزانێت. بەڵام ئەمە **لینین**ی تەنها بەو ئاراستەیەدا ڕێبەریی نەدەکرد پێ لە ئازادیی وێژە بنێت "بێگومان تا ئەو سنوورەی ئەم ئازادییە واتای پڕوپاگەندەکردن بۆ دژە شۆڕش نەگەیەنێت، کە بەڵگەنەویستە **لینین** بەربەرەکانێی دەکرد، چ وێژەیی بووایە یان نا" بەڵکو هەروەها بەرەو ڕەتدانەوەی ئەو بنەمایەش ڕێبەریی کرد کە لەگەڵ ئەو شتەدا کە بە **پرۆلیتکوڵت**[20] ناودێر دەکرێت دەستی بە گەشەکردن کردبوو، وێڕای ڕەتدانەوەی ئەو ڕەوتەی لە **داهاتووگەرایی ئیتاڵی**[21]شدا بە هەمان شێوە گەشەی کرد و کە دەیگوت وێژەی شۆڕشگێڕانە پێویستە بە تەواوی نوێ بێت و بە یەکێک لەم دوو بژاردەیە داوەریی وێژەی کۆن بکات؛ یان لە مۆزەخانەکاندا پەنا بگرێت، یاخود لەناو بچێت و کۆتایی بێت.
باسی **پرۆلیتکوڵت**م کرد، **لینین** دەڵێت هێزی **مارکسیزم** لەوەدایە دەتوانێ هەموو بەها و نۆرمە ڕاستەقینەکان، ئەو بەها و نۆرمانەی لە چوارچێوەی کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا لە ماوەی هەزاران ساڵدا

---

[18] - کۆمسۆمۆڵ: یەکێتیی لاوانی کۆمۆنیستی تێکڕای یەکێتیی سۆڤیەتە، ڕێکخراوێکی گەنجانی سیاسییە لە یەکێتیی سۆڤیەت.

[19] - ئەلیکساندەر سێرگییێڤیچ پوشکین Alexander Sergeyevich Pushkin (١٧٩٩- ١٨٣٧) شاعیر و شانۆنووس و ڕۆماننووسێکی ڕووسی سەردەمی ڕۆمانسییە، هەندێک کەس بە مەزنترین شاعیری ڕووس و دامەزرێنەری وێژەی نوێی ڕووسی لە قەڵەم دەدەن.

[20] - Proletkult یاخود Proletarskaya Kultura مەبەست لە کولتووری پرۆلیتارییە، دامەزراوەیەکی هونەریی سۆڤیەتییە هاوکات لەگەڵ شۆڕشی ڕووسی لە ساڵی١٩١٧ پەیدا بوو. بریتییە لە یەکێتیی ئەنجوومەن و کۆمەڵە کولتوورییە ناوخۆییەکان و هونەرمەندە پێشەنگەکان. ئامانجی لە ڕیشەوە دەستکاریکردنی ئەو شێوە هونەرییانە بوو کە هەن، لە ڕێگای خوڵقاندنی جوانیناسییەکی شۆڕشگێڕانەی نوێ بۆ چینی کارگەر، سروشی خۆیشی لە بونیادنانی کۆمەڵی پیشەسازیی نوێ لە ڕووسیای کشتوکاڵیی دواکەتووەوە وەرگرت.

[21] - داهاتووگەرایی ئیتاڵی: جووڵانەوەیەکی هونەرییە لە سەرەتای سەدەی بیست لە ئیتاڵیا دامەزرا. نووسەری ئیتاڵی فیلیپۆ تۆماسۆ مارینێتی دامەزرێنەر و کەسایەتیی هەرە کاریگەر و قەڵەمڕەوی بوو.

پەیدا بوون، بکات بە موڵکی خۆی. لەم بوارەشدا ئەو تاکە دڵسۆزی هێڵەکەی **مارکس** بوو. بە کردەوەش ئاشکرایە **مارکس** تەنانەت دەگەڕێتەوە بۆ **هۆمیرۆس**[22] و وەک نموونەیەک بە کاری دەهێنێت بەو پێیەی پایەبەرزترین شاعیری "منداڵیی مرۆڤایەتییە".
پاشان ئەگەر ئێمە لە پەیوەندیی **لینین** لەگەڵ **تۆلستۆی** بڕوانین، دەتوانین- بە پێچەوانەی **پلیخانۆڤ** و ئەوانی دیکەوە کە ڕەخنەی توند لە **تۆڵستۆی** دەگرن- تێبینیی ئەوە بکەین چۆن ئەو شتەی لێ هەڵدەهێنجێت کە گەوهەریی و گرنگە؛ ئەویش هەستی دیموکراسیی قووڵی ئەو نووسەرە رووسەیە. من، جارێکی تر، دەمەوێ هێما بۆ قسەیەک بکەم کە **لینین** سەبارەت بە **تۆڵستۆی**[23] بە **گۆرکی** گوت، **لینین** بە **گۆرکی** گوت: بەر لە پەیدابوونی ئەم خانەدان (کۆنت)ـە لە وێژەی ڕووسییدا، هیچ جووتیارێکی ڕاستەقینە بوونی نەبوو.

**پرسیار: ئایا ئەم حەوسەڵە و پشوولەسەرخۆییەی لینین تەنها تایبەت بوون بە وێژە و هونەر یاخود لایەنی ئایدیۆلۆژیشیان دەگرتەوە کە هەڵبەتە پەیوەندییەکی ڕۆژانەی توندوتۆڵی لەگەڵ سیاسەتدا هەبوو و یا بۆ نموونەش هێما بۆ ڕۆژنامە بکەین؟**

**لوکاچ:** **لینین** خاوەنی ڕوانگەیەک بوو لە دوو بەش پێک دەهات، لە ڕێگایەوە جارێکی تر گوزارشتی لە دیالەکتیکی قەوماو دەکرد. ئەو، بۆ نموونە، هەموو دۆزینەوەکانی زانستەکانی سروشتی پەسەند بوو و بەم هۆیەشەوە ئەو بنەمایەی دایە دواوە کە **مارکسیزم** وەک ڕاستکەرەوەیەکی زانستە سروشتییەکان دەخاتە ڕوو. بەڵام ئەو، لەلایەکی ترەوە، دەیزانی زانست پاڵنەرێکی ئایدیۆلۆژیی گرنگە، هەر بۆیە لە دژی ئەو ڕەوتە ئایدیالییە تێکۆشا کە لە زانستی نوێدا پەیدا بوو، بەدڵنیاییەوە ئەم کارەشی بە شێوازێک ئەنجامدا دەستکاریی ئەو بنەما چەسپاوانە نەکات کە زانستە سروشتییەکان پێی گەیشتبوون.

---

[22] - هۆمیرۆس Ὅμηρος (نزیکەی ٨٥٠ پ.ز) شاعیرێکی داستاننووسی گریکیی ئەفسانەییە، وا باس دەکرێت کە نووسەری هەردوو داستانی ئیلیادە و ئۆدیسەیە.

[23] - تۆڵستۆی (١٨٢٨- ١٩١٠) یەکێکە لە گەورە ڕۆماننووسانی ڕووس و چاکسازێکی کۆمەڵایەتی و باگەشەکارێکی ئاشتی و بیرمەندێکی ئاکارییە، "شەڕ و ئاشتی" و "ئانا کارنینا" دووان لە بەناوبانگترین شاکارەکانین.

لەو ماوەیەدا کە تیایدا **ڕەخنەکردنی ڕەخنە**ی دەنووسی، سەرەتای دۆزینەوە نوێیەکانی **فیزیا** دەستی پێ کردبوو. کە دەبوو، بەگوێرەی بۆچوونی **لینین**، هەموو هاوکێشەکانی، بۆ نموونە وەک هاوکێشەکانی دەربارەی گەردیلە، پەسەند بکرێن کاتێک ڕاست و بەجێن. بەڵام دروست ئەو شتەی پێویستە، دەستنیشانکردنی ئەوەیە ئاخۆ گەردیلە- بەو جۆرەی **فەلسەفەی مارکسیزم** جەختی لەسەر دەکاتەوە- وەک شتێکی سەربەخۆ لە هۆشیاریی مرۆڤ دەرک دەکرێت یاخود وەک بەرهەمی ئەم هۆشیارییە، ئەم گریمانەیەی دووەم چی تر بە گریمانەیەکی تایبەت بە زانستە سروشتییەکان نەماوە، بەڵکو بنەمایەکە لە ڕەوتێکی فەلسەفیی دیاریکراوەوە بەرەوخوار دەبێتەوە و لە لایەن **لینین**ەوە و لە کتێبی **ڕەخنەکردنی ڕەخنە**دا و لەو سۆنگەیەوە کە بنەمایەکی ئایدیالیانەیە، ڕەتدراوەتەوە. جاری تریش پێی لەسەر ئەم ڕەتدانەوەیە دا گرتووە. بەڵام ئەمە هەرگیز واتای ئەوەی ناگەیەنێ **لینین** خۆی لە شوێنێکدا داناوە لەوێوە بە ناوی **مارکسیزم**ـەوە دۆزینەوە زانستییە سروشتییەکان هەڵدەسوڕێنێت.

**پرسیار: ئایا ئەمە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگرێتەوە؟**

**لوکاچ:** بە بڕوای من **زانستە کۆمەڵایەتییەکان** ناگرێتەوە، نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت چەندین شۆڕشی هاوشێوە لە کایەی زانستە سروشتییەکاندا ڕوویان دا، لەو بارەیەوە هەر هێندە بەسە هێما بۆ سەردەمەکانی **کۆپەرنیکوس**[24] و **کێپلەر**[25] و **گالیلۆ**[26] بکەین. بێگومان

---

[24] - نیکۆلاس کۆپەرنیکوس Nicolaus Copernicus (١٤٧٣- ١٥٤٣) زانایەکی پۆڵەندیی ئینسایکلۆپیدیی سەردەمی ڕێنیسانس و چالاکە لە بوارەکانی ماتماتیک و گەردوونناسی و، پیاوێکی ئایینیە. نموونەیەکی سەبارەت بە گەردوون گەلاڵە کرد، لە بریی زەوی، خۆری کردە چەقەکەی.

[25] - یۆهانس کێپلەر Johannes Kepler (١٥٧١- ١٦٣٠) گەردوونناس و ماتماتیکناس و ئەستێرەناس و فەیلەسووفی سروشت و نووسەرێکی مۆسیقی ئەڵمانە.

[26] - گالیلۆ گالیلی Galileo Galilei (١٥٦٤- ١٦٤٢) گەردوونناس و فەیلەسووفێکی ئیتاڵییە، تیۆری چەقمەندیی خۆری بڵاو کردەوە کە کۆپەرنیکوس دایمەزراند و بە توندی و لەسەر بڕێک بناغەی فیزیکی بەرگری لێ کرد، لە سەرەتادا چەوتیی تیۆرەکەی ئەریستۆی سەبارەت بە جووڵە سەلماند و لەو پێناوەشدا ڕێگای سەرنجدان و تاقیکردنەوەی گرتە بەر.

به ناوی ئازادیی زانسته سروشتییەکانەوە قایلبوون بە پێداگیریی لەم چەشنە شیانی نییە: "ئەگەر بمەوێ ئەوە زەوییە بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە، ئەگەر بتەوێ ئەوە خۆرە بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە". چونکە **گالیلۆ** بە چەشنێکی بێ چەند و چوونی گومانهەڵنەگر سەلماندی ئەوە زەوییە بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە.

**لینین**یش وەک دۆزینەوەیەکی لەو چەشنە لە **مارکسیزم**ی دەڕوانی و لەمەشدا ڕاستی بۆ چوو بوو، دۆزینەوەیەک کە ناتوانرێ پشتگوێ بخرێت ئەگەر ئێمە بمانەوێ لە ڕوانگەی زانستییەوە بە دەر لە شۆخی بین، هەر بۆیە **لینین** بواری نەدەدا ئابووریی نەیاری **مارکسیزم** لە زانکۆ سۆشیالیستییەکاندا بخوێنرێت- ئەمەش شتێکی سروشتی و ئاسایی بوو- بەڵام ئەوەی بەسەر کولتووری کۆمەڵدا لەسەر ئاستێکی باڵا نەدەسەپاند. چونکە **لینین** بەردەوام ددانی بە بایەخ و گرنگیی ژمارەیەک فەیلەسووف و نووسەر و وێژەواندا دەنا، کە بە هیچ کلۆجێک فەیلەسووف و نووسەر و وێژەوانی **مارکسی** نەبوون.

ئێمە دەتوانین لە **لینین**دا ئەو دیالەکتیکە ڕاستەقینەیەی دروستی و چەوتی بدۆزینەوە و ببینین کە هیچ یاسایەک نییە فەرمانڕەوایی بکات، یاخود ئەوەی بۆ نموونە بتوانرێ لێی هەڵبهێنجرێت ئەگەر مامۆستایەک لە زانکۆ مافی ئەوەی هەبێ دەستداری کورسیی وانەگوتنەوەی خۆی بێت یان نا.

**پرسیار: ئەوەی تۆ دەیڵێی ڕاستە، بەڵام من بڕوام وایە دەشێ لێکۆڵینەوە ئایدیۆلۆژییەکان و هەروەها لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە داهاتوودا بڕێک گریمانە بخەنە ڕوو و لەدواییدا ژمارەیەک لەم گریمانانە نەتوانن دروستییان بسەلمێنن.**

**لوکاچ: لینین** هەرگیز وەک کۆبوونەوەی بڕێک باوەڕ و ئایدیۆلۆژیای تا دونیا دونیایە و بەردەوام دروست لە **مارکسیزم**ی نەدەڕوانی، بەڵکو وەک یەکەم تیۆری دروست دەربارەی کۆمەڵ تەماشای دەکرد، تیۆرێک کە بە هۆی پەیوەندیی توندوتۆڵ لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییدا بەجێ هات و برەوی سەند، ئەو برەوسەندنەی وەک چۆن پێشکەوت دەشێ بەرەو دوایشەوە بچێت. چونکە لە هەموو کردەیەکی برەوسەندندا ئەم دووفاقییە هەیە کە **مارکس** و **ئێنگڵس** و **لینین** دۆزییانەوە و نیشانەکانیان دەستنیشان کرد. **لینین** تەنها داوای ئەوەی دەکرد پشت بە دروستیی تیۆری ببەسترێت و لە ماوەی خەباتی سیاسییدا ئەو دروستییەی بسەلمێنرێ.

بەدڵنیاییەوە دیدە دوولایەنەکەی **لینین** هەرگیز واتای ئەوەی نەدەگەیاند دوو گریمانە دابنرێن و لە یەک کاتدا هەردوو گریمانەکە وەک دوو گریمانەی دروست یاخود چەوت تەماشا بکرێن.
ئەو بوارێکی فراوانی بە گفتوگۆکردن دەدا، بەڵام کتومت دەرکی بە بوونی تەنها یەک ڕاستی سەبارەت بە پێدراوێک دەکرد، ئەو شتەش کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو کەسانە کە خۆیان بە چاکسازیخواز ناودێر دەکەن دەربارەی فرەیی بیرۆکە دەیڵێن، شتێکی بە ڕوونی پێکەنینئاوەرە و بڕێک شتی تەواو جیاواز و دژبەر تێکەڵ دەکات. بوونی دۆخێک کە بۆ نموونە بۆ ماوەیەک کە لە بیست ساڵ تێدەپەڕێ پێویستی بە لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکردن هەیە تاکو ئەو ڕاستییەی هەیە دەربکەوێت، هەرگیز واتای ئەوە ناگەیەنێت ڕاستی دووفاقە، یاخود سێ ڕاستییە، چونکە لە یەک ڕاستی تەنها ڕاستییەک دەشێت بوونی هەبێت.
**پرسیار: بەرمەبنای ئەو شتەی باست کرد، دەکرێت بڵێین ئەو ڕێچکەیەی دەچێتەوە سەر ڕاستی یەک ڕێچکە نییە...**
**لوکاچ:** نە یەک ڕێچکەیە و نە ڕێچکەیەکی یەکانگیریشە. خودی **لینین** خۆی سەبارەت بە پرسێکی گرنگ لەسەر ڕێگەچارەیەکی تەواو نوێ بە بەراورد بە **مارکس** قایل بووە. لە بیرت نەچێت **مارکس** پێشبینیی ئەوەی کردبوو گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ **سۆشیالیزم** لە دەوڵەتانی پێشکەوتووتردا بێتە دی. بەڵام **لینین** لەم بوارەدا بۆچوونێکی تایبەت بە خۆی خستە ڕوو، چونکە دۆزی **سۆشیالیزم** لە وڵاتیکی پێشنەکەوتوودا هاتە پێش، ڕێگەچارەکەی **لینین سۆشیالیزم** بوو، واتە- لێرەدا مۆڵەتی ئەوەم بدە لێکدانەوەی تایبەتی خۆم بخەمە ڕوو- **لینین** بەگوێرەی پێداویستیی پێدراوەکانی دۆخی مێژوویی بڕیاری خۆی دا. مەبەستم ئەوەیە لە **ڕووسیا** لە ساڵی١٩١٧دا دوو جووڵانەوەی جەماوەریی شۆڕشگێڕیی گەورە هەبوون. جووڵانەوەی یەکەم هەموو ڕەتدانەوەی جەماوەریی لە دژی شەڕی ئیمپریالیزمی لەخۆ گرتبوو، هەرچی جووڵانەوەی دووەمە نوێنەرایەتیی خواستی جووتیارانی دەکرد بۆ ڕزگاربوون لە دەرەبەگایەتی و دەستخستنی زەوی. ئەگەر ئێمە بمانەوێ شیکارییەکی تەواو ڕووت شیکاریی ئەم دوو جووڵانەوەیە بکەین، دەبینین هیچ کامیان تامەزرۆییەکی ڕاستەقینەیان بۆ **سۆشیالیزم** بە واتای بەرتەسکی وشەی **سۆشیالیزم** وەک پەیام هەڵنەگرتووە. چونکە ئاشتی لە دوا ئەنجامدا تەنانەت دەوڵەتێکی بۆرژوازییش دەتوانێ بەدی بهێنێت،

هەروەها دەشتوانێت زەوی بەسەر جووتیاراندا دابەش بکات. بەڵام لەو قۆناغەدا تەنها پارتە بۆرژواکان لە دژی ئاشتیی دەسبەجێ نەبوون کە کۆتایی بە شەڕە ئیمپریالیستانەکە دەهێنا، بەڵکو تەنانەت پارتە میللییەکانی لە نموونەی **پارتی سۆشیالیست-شۆڕشگێر** و پارتە کرێکارییەکانی لە نموونەی **پارتی مەنشەفیک**یش لە دژی شەڕ بوون. هەروەها ئەو پارتانە وێڕای ئەم هەڵوێستەیان بەرامبەر بە شەڕ، زۆر بە توندی و بە هەموو شێوازێک بەرهەڵستیی دابەشکردنی زەوییان بەسەر جووتیاراندا دەکرد، کاتێک دۆخەکەیش بەم جۆرە بوو، چی تر سەبارەت بە **لینین** ئەوە ڕوون بوو کاتێک کە دەرکی بەوە کرد بە تەنها هەر **شۆڕشی سۆشیالیستی** دەتوانێت خواستەکانی ملیۆنان خەڵک بەدی بهێنێت. هەر بۆیە ئەوەی بە بیردا نەهات لە مانگی تشرینی یەکەمدا لە ڕووسیای دواکەوتوودا لەسەر بنەمایەکی تاکتیکیی پەتی شۆڕش بکات، بەڵکو لێکدانەوەیەکی قەوماوی دۆخی قەوماوی ڕووسیای لە ساڵی١٩١٧دا کرد بە پێودان.

**پرسیار: قسە و باسێکی زۆر سەبارەت بە پشوولەسەرخۆیی لینین بەرامبەر بەو کەسانەی لەگەڵی جیاوازبوون و هەروەها لەگەڵ ئەو ڕایانەی هاوڕای نەبوون کراون، پێتوایە پشوولەسەرخۆیی شتێکی گرنگە لە ڕەفتاری شۆڕشگێرانەدا، ئەگەرچی لە یەکەم تەماشادا پێچەوانەی بنەمای شۆڕش دەردەکەوێت؟**

**لوکاچ:** من دەمەوێ ئەو تایبەتمەندییەی **لینین** بە دوو نموونە باس بکەم، لە ساڵی١٩٠٥دا چی تر ئەوە بۆ **لینین** ڕوون بوو جووڵانەوەی شۆڕشگێریی گورزێکی بە ئازاری بەر کەوت، لەو کاتەشدا قۆناغی دژەشۆڕش دەستی پێ کرد، لێرەدا جیاوازی و ناکۆکی لەگەڵ تەوژمی **بۆگدانۆف- لۆناچارسکی** سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان هاتە پێش.

ئەو تایبەتمەندییەی **لینین** و پشوولەسەرخۆییەکەی نەک هەر بە تەنها لە بڕێک شتی بچووکدا بەڵکو هەروەها لەو شتانەشدا دەرکەوت کە لە ساڵی١٩١٧دا ڕوویاندا. چونکە کاتێک کرێکارانی **پیتەرسبۆرگ** کە لە دۆخی ڕاپەڕینێکی چالاک و زیندوودا بوون، بڕیاری ئەنجامدانی خۆپیشاندانێکی گەورەیان دا، **لینین** لە دژی ئەنجامدانی وەستایەوە، چونکە دەرکی بەوە دەکرد هاوسەنگیی هێزەکان بە جۆرێک نەگونجاو بوون، ئەنجامەکان سەبارەت بە **پرۆلیتاریا** کارەساتبار دەبوون، لەبەر ئەوەی بۆرژوا پشتی بە هاوپەیمانەکانی بەستبوو و لەلایەن ئەوانەوە پشتگیریی لێ دەکرا، وەک ئاشکرایە ئەو خۆپیشاندانانە وێڕای نارەزایی

**لینین** ئەنجام دران و هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی شەڕی ناوخۆیان هەبوو، بەڵام ئەوەش دیسان ئاشکرایە **پرۆلیتاریا** بۆڕدرا و گورزێکی توندی بەر کەوت و **لینین** ناچار کرا بەرەو کاری نهێنی بکشێتەوە، بەڵام شۆڕشەکە بووە خاوەنی هەڵقوولانێکی نوێ کاتێک کودەتاکەی **کۆرنیلۆڤ**[27] شکستی هێنا.

**لینین** ئەم بابەتەی بە شێوەیەکی دوولایەنە لێکداوەتەوە. چونکە لەلایەک وتارێکی، پێموایە لە مانگی سێپتەمبەردا، نووسی، تیایدا داوا لە زۆرینەی **سۆشیالیستیی-شۆڕشگێڕ** و **مەنشەفیک** لە **سۆڤیەت**ـەکانی کرێکاراندا دەکات دەسەڵات بگرنە دەست و، بەڵێنی ئەوەیان پێدەدات **پارتی کۆمۆنیست** بەرهەڵستییەکی دڵسۆزانە دەکات بە قەدەر ئەوەی ئەوان لە بواری چاکسازییە سۆشیالیستییەکاندا بەرەو پێش دەچن، بەڵام سەرلەنوێ و لەدوای چەند ڕۆژێک وتارێکی نووسی تیایدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەم دۆخە کە لە وتاری پێشوویدا پێشنیازی کرد بوو بە ڕابووردوو. کاریگەرییەکەی تەنها چەند ڕۆژێکی خایاند.

بەم جۆرە ئۆکتۆبەر هاتە پێش، ئیتر **لینین** داوای بە پەلە و بە خێرایی گرتنە دەستی دەسەڵاتی کرد، بە هەمان ڕادە کە تیایدا دژ بە خۆپیشاندانی تەمموز بوو و، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هاوڕێ دێرینە سەرەکییەکانی خۆی لە نموونەی **زینۆفێڤ** و **کامینێڤ**[28] بچڕاند، واتە لە مانگی تەممووزدا پشوولەسەرخۆیی پیشاندا، بەڵام لە ئۆکتۆبەردا ئەم پشوولەسەرخۆییە کۆتایی هاتبوو، بە لەبەرچاوگرتنی پێدراو و هەلومەرجە خودیی و بابەتییەکانی جووڵانەوە شۆڕشگێڕییەکە. کەواتە با سەرلەنوێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو خاڵەی پێویستە لەسەر بناغەکەی

---

[27]- لاڤێر گیۆرگیڤیچ کۆرنیلۆڤ Лавр Гео́ргиевич Корни́лов (١٨٧٠-١٩١٨) ئەفسەرێکی هەواڵگریی ڕووسیی لەشکری ئیمپراتۆریی ڕووسییە لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهان و جەنگی ناوخۆی ڕووسیادا. بە بنەچە قەوزاقیی سیبیرییە.

[28]- لێڤ بۆریسۆڤیچ کامینێڤ Лев Бори́сович Ка́менев (١٨٨٣-١٩٣٦) شۆڕشگێڕێکی بەلشەفی و یەکێکە لە دیارترین سیاسەتوانەکانی یەکێتیی سۆڤیەت. لەدوای کۆچی دوایی کردنی لینین لە ساڵی ١٩٢٤ لەگەڵ زینۆفێڤ یەکەمجار پشتگیری لە دەسەڵات گرتنە دەستی ستالین کرد لە دژی ترۆتسکی، دواتر لە دژی ستالین چووە پاڵ ترۆتسکی، بەڵام بە تۆمەتی پلاندانان بۆ تیرۆرکردنی ستالین دەستگیر کرا و لە ڕۆژی ٢٥ی مانگی ئابدا درا لە سێدارە.

کاروبارەکان ڕێ بکەن، بەتایبەتی سەبارەت بە پرسە ئایدیۆلۆژییە گەورەکان، چونکە ئەوەی هەمیشە بڕیار دەدات شیکاریی قەوماوی دۆخی قەوماوە.

**پرسیار: ئێستا ئەوەم هاتەوە بیر کە سەبارەت بە پەلەکردن و کۆتاییهاتنی پشوولەسەرخۆیی بە لایۆس ناجی-ت گوت...**

**لوکاچ:** ساڵی١٩٣٤ لە **مۆسکۆ** کۆنگرەیەک بۆ نووسەران بەسترا **لایۆس ناجی**یش بەشداریی تێدا کرد. من ئەو دەم پەیوەندییم لەگەڵی زۆر باش بوو. سەردانی کردم و دەربارەی ئەو ساڵانە پرسیاری لێ کردم کە پێشبینیم دەکرد تیایدا **هیتلەر** لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. وەڵاممدایەوە و گوتم **من** پێغەمبەر نیم تا پێشبینیی داهاتوو بکەم. بەڵام یەکێک لەو شتانەی من دەمتوانی پێشبینی بکەم و هەڵیبهێنجم، ئەوەبوو **هیتلەر** دەیتوانی ماوەی ١٠ بۆ ١٥ساڵ بەردەوام بێت. **لایۆس ناجی** زۆر تووڕە بوو و ڕووخساری سوورهەڵگەڕا و بە مشتی کێشای بەسەر مێزەکەدا و بە ڕوومدا هاواری کرد و گوتی: لەو سۆنگەیەوە کە پرسی شۆڕش و بەرپابوونی پرسێکی سادە و کەم نییە، هەر بۆیە کەسی وەک تۆ بە ڕاستی **کۆمۆنیست** نییە و ئەمەش هەر دیسان پەلەکردن و نەمانی پشوولەسەرخۆییە.

دەمەوێت نموونەیەکی دیکەت بۆ باس بکەم کە تا ئێستا بۆ کەسی ترم باس نەکردووە، ئەم نموونەیەش پەیوەندیی بە هەمان بابەتمانەوە هەیە؛ ئەو کات ڕێپێوانە گەورەکان لە **مۆسکۆ** بە شێوەیەکی ئەوپەڕی خراپ ڕێک خرابوون. بۆ نموونە کاتێک دەبوو کاتژمێر یەک کرێکارانی یەکێک لە کارگەکان بە **گۆڕەپانی سوور**دا ڕەت بن، دەبوو کاتژمێر شەشی بەیانی لە شوێنێک کۆ ببنەوە. ئەمەی من بۆتی دەگێڕمەوە لە یەکێک لە ڕێپێوانەکاندا ڕووی دا، من بە تەنیشت ئافرەتێکی زۆر جواندا ڕێم دەکرد کە لە ساڵی١٩١٩وە کۆچی کردبوو. کاتێک ڕێمان دەکرد لە دوورەوە **بورجەکانی کریملین**مان بینی، لەم کاتەدا ئافرەتەکە کە پڕ بوو لە خرۆش و کەف و کوڵ، هاواری کرد: **"**بڕوانە، وەک ئەوەی پرسەکە شایانی بێت لە شەشی بەیانیدا کۆ ببینەوە، تا هەموو ئەوانە ببینین**!"** منیش وەڵامێکی تەواو جیاواز لەو وەڵامەی وەڵامی **لایۆس ناجی**م دایەوە گوتم: **"**ئەگەر **لینین** خاوەنی ئەم پشوولەسەرخۆییەی تۆ بووایە، **بەلشەفییەکان** نەیاندەتوانی دەسەڵات بگرنە دەست و لەوێوە فەرمانڕەوایی بکەن**".**

نازانم ئاخۆ ئەم دوو نموونەیە ئەوە دەردەخەن یان نا کە پشوولەسەرخۆیی و پەلەکردن دوو دژبەری میتافیزیکی نین یەکێکیان ئەوی دیکەیان بگوازێتەوە، بەڵکو لەسەر خودی مرۆڤ خۆی پێویستە- لێرەدا دەمەوێت سەرلەنوێ بەڵگە بە بنەماکەی **لینین** بهێنمەوە: شیکاریی قەوماوی دۆخی قەوماو- کە پشوولەسەرخۆ و لە هەمان کاتیشدا بە پەلە بێت.

**پرسیار: دەتوانین پرسیار دەربارەی چیەتیی کۆتایی ڕەفتاری شۆڕشگێڕانە لە پەیوەند لەگەڵ ئەو ڕووداوە هەمەجۆرانەدا کە بە شێوەی زۆر جیاواز ڕوو دەدەن بکەین؟ بۆ نموونە، با لەلایەک جووڵانەوە خوێندکارییەکان و لەلایەکی تر دەوڵەتانی سۆشیالیستی بە نموونە وەربگرین: لە دەوڵەتێکدا کە هێزە شۆڕشگێڕەکان لەسەر تەختی دەسەڵاتن و بەرمەبنای ئەم ئامادەییەش لە دەسەڵاتدا چەندین ئەرکی جیاوازی هەن، تۆ خۆت، کە لەوەتەی پتر لە پەنجا ساڵە شۆڕشگێڕیت، چۆن دەتوانیت شۆڕشگێڕ بیت، دەتوانیت لەو بارەیەوە چی بڵێیت؟**

**لوکاچ:** با ئێمە لە بواری جووڵانەوە خوێندکارییەکاندا بمێنینەوە، چونکە من بە چاوی دۆستانە و ڕێزێکی زۆرەوە لێی دەڕوانم، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێمە دۆخی ساڵی١٩٤٥ لەگەڵ دۆخی ئێستادا بەراورد بکەین، ئەو کات بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت "ئەمێریکان وی ئۆف لایف"، واتە **سەرمایەداریی مۆنۆپۆل** لە ئێستادا و لایەنی کەم تەنانەت لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژییش سەرکەوتووە، تەنها یەک توێژ دەستی بە جووڵەکردن کردووە، ئەگەرچی پرسەکە ناهۆشیارانەشە یاخود شێوازە دروستەکان بەکارناهێنێت، ئەوە نە هیچ زیانێک و نە هیچ گرنگییەکی هەیە.

من دەمەوێت بەراوردێکی سەمبولیکییت بۆ بکەم؛ کاتێک کە لەپاش کەڵەکەبوونی جۆرایەتی سەرمایەداریی نوێ لە دایک بوو، کرێکاران بە چەشنێکی خۆبەخۆ هەستیان کرد کردەی کەمکردنەوە لە گرنگیی ئەوان بۆ بەرژەوەندیی ماشێنەکان بەڕێوە دەچێت، ئەم هەستە بناغەی **لۆدیزم** بوو، واتە جووڵانەوەی پایەماڵکردنی ماشێنەکان.

ئەگەر کردەی لەناوبردنی ماشێن و کەرەستەکانیش تاکتیکێکی دروست نەبێت، ئەوا وێڕای ئەوە بێگومان قۆناغێکی گرنگ بوو، لەدواییدا کرێکارانی بەرەو ڕێکخراوبوون لەنێو سەندیکاکاندا پاڵ نا. زۆر باشە،

من خوێندکاران وەک نموونەیەک بۆ کاری شۆڕشگێڕانە تەماشا ناکەم، بەڵکو وەک دەستپێکەری قۆناغێکی نوێ لە مێژووی جیهاندا لێیان دەڕوانم. پرسەکەیش لای من وەک یەکە و هیچ جیاوازییەکی نییە ئەگەر ڕابەرانی خوێندکاران وەک من بیر دەکەنەوە یان نا؛ لە ڕووی بابەتییشەوە لەپشت هەموو ئەم شتانەوە- بەو جۆرەی ئەوان دەڵێن- "ڕەتدانەوەی بوون بە گەمژە، فەرمانێکە کە سەرمایە هەڵیاندەسوڕێنێت" هەیە، هەر بۆیە ئەوان بە شوێن بڕێک ڕێچکەی نوێدا دەگەڕێن. هێشتا ئەم ڕێچکە نوێیەشیان نەدۆزیوەتەوە و ناشیدۆزنەوە ئەگەر ژمارەیەک توێژی گەورەتر نەتوانن لە دژی **سەرمایەداریی مۆنۆپۆل** ڕابپەڕن. سەرەتاکانی ئەم ڕاپەڕینەش لە بڕێک شێوەی سەرەتاییدا لە ئەمەریکا و لە چەند شوێنێکی تردا، لە شێوەی بڕێک جووڵانەوەی دژ بە شەڕدا دەبینین، هاوکات دەتوانین پرسەکە سەبارەت بە دۆزی ڕەشپێستەکان و ئەو مشتومڕانە لەبارەیەوە دەکرێن، کورت بکەینەوە. دەتوانین بڵێین ئێمە لە قۆناغی سەرەتای ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەکەداین لە دژی **سەرمایەداریی مۆنۆپۆل**، کە بۆ نموونە لە بووژانەوەی جووڵانەوەی کرێکاریی لە نێوان کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم دەچێت- بەڵام سەبارەت بەم لێکچوونە پێویستە بە ئاگا بین، چونکە شتەکان لە مێژوودا دووبارە نابنەوە. لەو کاتەدا باس باسی **مارکسیزم** نەبوو، بەڵام بەبێ ئەو **مارکسیزم** هەرگیز لە دایک نەدەبوو.

بە قەدەر ئەوەیش بابەتەکە پەیوەندیی بە دۆخی ئێستامانەوە هەیە، دەتوانم بڵێم **سۆشیالیزم** سەرلەنوێ بەرە و ڕووی ئەم پرسە گەورەیە دەبێتەوە: **لینین** دوایین کەسایەتیی گەورەی نێو کردەی برەوسەندنێکی شیمانەکراوی سەردەمێکی ڕابووردوو بوو، ئەم برەوسەندنە بەردەوام دژوار بووە و بەدیهاتنی شیانی نییە. پێویستە لەبیرمان نەچێت لە سەرەتای جووڵانەوەی کرێکارییدا- ئەوەندە بەسە **مارکس** و **ئێنگڵس** و **لینین** وەبیر بهێنینەوە- کەسایەتیی گەورەی ئایدیۆلۆژی و پێشەوای سیاسی، لە یەک مرۆڤدا یەکانگیر بوو بوون. ئەم دوو ڕوواڵەتە لەو سێ کەسایەتییەدا کە ناویان هێنراوە یەکانگیر دەبوون و دەژیان، **ستالین**یش دەبوو بەو جۆرە بێت تا ببێتە شوێنگرەوەی **لینین**. پێموایە **ستالین**، بەرمەبنای داوەرییەکی بابەتیی مێژوویی، شۆڕشگێڕێکی خاوەن باوەڕ بوو. مرۆڤێکی خودان هۆشیاریی و توانا و یاریچییەکی هەڵاوێرد بوو، بەڵام پێموایە لە هەر نەرم و نیانییەکی ئایدیۆلۆژیی خاڵی بوو.

من لەنێو چەندین وتاردا، ئێستا ناتوانم لێکیانبدەمەوە، نووسیم کە ئەو کات لە سەردەمەکانی **مارکس** و **لینین**دا لەنێو جووڵانەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانییدا، بنەمای ئایدیۆلۆژیی هەبوو، ئەو بنەمایەی جووڵانەوە کرێکارییەکانی دەوڵەتانێکی هەمەجۆر، لە ڕێگای بڕێک بڕیاری تاکتیکییەوە، ستراتیژی خۆیان لێ هەڵدەهێنجا. **ستالین** ئەم نموونەیەی سەروبن کرد: چونکە بڕیاری ستراتیژیی و تیۆری بۆ بڕیاری تاکتیکی بە کار هێنا.. لەبەر ئەوەی لە سەردەمی **ستالین**دا سەرکردەی حیزب ئایدیۆلۆژیستی حیزب و تیۆریسێنە هۆشیارەکەی بوو کە هەموو شتێکی دەزانی؛ بەم جۆرە خەڵکانێکی لە نموونەی **ڕاکوسی**[29] و "**نۆڤۆتنی**[30] و هتد هەبوون. دەبێت زۆر چاک ئەوە بزانین جووڵانەوەی کرێکاریی گرفتاری دژوارییەکی گەورە دەبێت یاخود ئەستەمە بتوانێ لە نموونەی **مارکس** یاخود **ئێنگڵس** یاخود **لینین** بە دونیا بهێنێت. هەر بۆیە پرسی ئەوە خۆی پیشان دەدات لە نێوان بونیادی ئایدیۆلۆژی و تاکتیکی سیاسیی پارتەکاندا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەبێت. بە بۆچوونی من ئەم بابەتە هێشتا بە لادا نەخراوە. یاخود باشتر بڵێین یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی خۆی پیشانی جووڵانەوەی کرێکاریی دەدات.

لەسەر ئەو بناغەیە، پێویستە لەسەر خەڵک لە خۆرئاوا، لەوە تێبگەن **سەرمایەداریی مۆنۆپۆل** قۆناغێکی نوێ نییە، چونکە نە **سۆشیالیستی**یە و نە **سەرمایەداری**یە و، پێویستە لەسەریان لە ڕێگای شیکارییەوە شوێن پێی هەڵبگرن، لەلایەکی دیکەوە پێویستە لەسەر ئێمەش، لێرەدا- من بەو جۆرەی هەمیشە گوتوومە و دووبارەم کردووەتەوە، بایەخێکی زۆر بەم

[29] - ماتیاس ڕاکۆسی Mátyás Rákosi (١٨٩٢- ١٩٧١) سیاسەتمەدارێکی کۆمۆنیستی خەڵکی (مەجەڕ) هەنگاریایە، لە ماوەی نێوانساڵانی (١٩٤٥- ١٩٥٦) وەک ئەمینداری گشتیی پارتی کۆمۆنیستی مەجەڕ و پاشان پارتی کرێکارانی مەجەڕی دەسەڵاتی گرتە دەست، بۆ ماوەیەکی کەمی نێوان ساڵانی (١٩٥٢- ١٩٥٣) بووە سەرۆکوەزیرانی کۆماری میللیی هەنگاریا. ڕاکۆسی بە "یەکێک لە گوێڕایەڵترین قوتابییەکانی ستالین" ناوی ڕۆیشتووە.

[30] - ئانتۆنین نۆڤۆتنی Antonin Novotny (١٩٠٤- ١٩٧٥) ئەمینداری گشتیی پارتی کۆمۆنیستی چیکوسلۆڤاکیا بوو لە نێوان ساڵانی (١٩٥٣- ١٩٦٨)، هەروەها لە نێوان ساڵانی (١٩٥٧- ١٩٦٨) سەرۆکی چیکوسلۆڤاکیا بوو.

ڕووالەته دەدەم- بە تەواوی ئەوە بزانین **ستالین**، لە زۆرێک لە بابەت و پرسە گرنگەکاندا، شوێنگرەوەی **لینین** نەبوو، بەڵکو دژبەری **لینین** بوو. بەم ئاراستەیەدا و لە ڕێگای دیدی مرۆگەراییەوە، گەڕانەوە بۆ نموونە شۆڕشگێڕانەکەی **لینین**، بابەتێکە پایە و پلەیەکی لەپێشین و هەڤیازی هەیە. هەر بۆیە پێموایە ڕوانگەی **لینین** وەک مرۆڤێکی کردەیی نەک وەک کەسایەتییەکی ئەندێشەیی ئەفسانەیی، پرسێکە گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە ئەو پرسە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا وێڕای بڕێک شتی تر، مەبەستێکی سیاسیی نوێی هەیە.